ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن!

# پێرەوی ناوخۆی

# کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

— لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان —

ئەی کریکاران و گەلانی زورلیکراوی دنیا یەکگرن

# پیرەوی ناوخوی
# کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان

لەلایەن

یەکەمین کونفرەنسەوە

پەسەند کراوە

ئایاری ١٩٨١

هەوالنامەی کتێب

کومەلە سالی ١٩٧٠ وەکو وەرچەرخانیکی پیویست و بابەتی بو ریکخستنی کریکاران و رەنجدەرانی کوردستان و موتوربەکردنی حولانەوەی رزگاری نیشتمانیی بە بیروباوەری مارکسیزم ـ لینینیزم لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند ئەلقە و کەسانیکی مارکسی لینینیی دا دامەزراوە.

کومەلە لە هەلومەرجیکی دژوار و لە سنوریکی تەسکو

هەواڵنامەی کتێب

دیاری کراودا کەوتە کار بو بینا کردنی ئایدیولوجی و ریکخراوەیی خوی ، چونکە ئەو کاتە سالی فاشستی حزبی بەعسی دەسەلاتدار بیرو بوورباوەری سورحوازی راسترەو و کونەپەرستانە بەسەر سەرکردایەتی جولانەوەی کورددا زال بو ، سەرەرای ئەمانەش بیروباوەری مارکسیزم - لینینیزم لەلایەن تەحریفیەکان و ئیسلاحیەکانەوە شیوینرابو .

کومەلە لە سەرەتای کارکردنیدا ، گرنگیی تەواوی دابە دوزینەوە و ریکخستنی هەلبژاردەی تیکوشەرە شورشگیرەکانی کوردستان و پەروەردەکردنی سیاسی و ئایدیولوجیان ، بەبی ئەوەی خوی لەناو خەلکدا یاخود لەلای حزب و ریکخراوەکانی ئەوسای کوردستان و عیراق ئاشکرا بکات ، کومەلە بە سەرکەوتوویی قوناغی خوبینا کردنی بری .

ریکەوتنەکەی جەزائیر کە کارەساتی ١٩٧٥ی بە دوادا هات، هەرەسی ئایدیولوجی و شکانی ریبازی سیاسی و ریکخراوەیی چینی بورجوازی کورد بو، وە لە هەمان کاتدا مەینەتییەکی گەورەشی بەسەر گەلەکەمان دا هینا. کومەلە لەناو ئەو هەرەسەدا هاتە پیشەوە بو ئەوەی رولی میزویی خوی بگیری و پی بنیتە قوناغیکی نویی خەباتەوە.

کومەلە بەشداریەکی کاریگەری کرد لە دامەزراندنی داو و دەزگا سیاسی و ریکخراوەیی و پیشمەرگەییەکانی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستاندا، کە دوا بە دوای کارەساتی ١٩٧٥ وەکو ریکخراویکی نیمچە بەرەیی بو کوکردنەوە وسازدان و ریکخستنی تەییار و چین و تاقمە پیشکەوتنخوازەکانی کومەلی کوردستان پیکەهات، وە رولیکی گرنگی گیرا لە دەست

پی کردنی خەباتی سیاسی چەکدار و هەلگیرساندنی جەنگی پارتیزانی دا. وە لە هەمان کاتدا سەربەخویی سیاسی و ئایدیولوژی و ریکخراوەیی خویشی پاراست و چاکتر چەسباندی.

ریبازی سیاسی و پیشمەرگەیی کومەلە کە لە ئەنجامی شی کردنەوەی هەلومەرجی کوردستان دا لە بەر تیشکی بیروباوەری م ـ ل دا دیاری کراوە جیگەی پەسند کردن و پشتیوانی کومەلانی خەلک بوە و هویەکی گرنگی گەشەکردنی چونایەتی و چەندایەتی کومەلە و بو پیشەوە چونی جولانەوەی گەلەکەمان و یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان بوە .

کومەلە ئەگەرچی زەرەری گیانی زوری لی کەوتوە، چەندین ئەندامی سەرکردایەتی و دەیان کادیری پیشکەوتوی و سەدان ئەندام و لایەنگری لە کوری خەباتی شورشگیرانەدا شەهید

بون ، بەلام خوراگری و ئازایەتی بی وینەی هاوریکانی کومەلە لە زیندانەکانی دوژمن دا ، لەژیر ئەشکەنجە و لەبەردەمی پەتی قەنارەدا، وە قارەمانیتی و جەربەزییان لە مەیدانەکانی شەر و پیکادان دا ، وە رەفتار و هەلسوکەوتیان لەنا و خەلکدا... بوتە سەرمەشقی سەدان و بگرە هەزاران تیکوشەری نویی کوری خەباتی شورشگیرانە لەشار و گوندەکانی کوردستان دا.

کومەلە بو لیدوان و هەلسەنگاندنی مەسەلە سیاسی و ئایدیولوجی و ریکخراوییەکانی ، وە بو دانانی ری و شوینی نویی تیکوشان تا ئیستا چەند کوبونەوەیەکی گرنگی ساز کردوە ، لەوانە کوبونەوەی فراوانی کادیرەکانی لە نەوروزی ٧٨ وە لە تشرینی دودمی ٧٨ دا، بەلام لە هەمو ئەوانە گرنگ تر بەستنی سەرکەوتوانەی یەکەمین کونفرەنسی کومەلە بو لە

ئابارى ١٩٨١دا بە ئامادەبونى ١٨٥ ئەندام بە نوێنەرایەتی سەرانسەرى ریکخستنەکەى، کە گەورەترین روداوى ریکخراوەیی ژیانى کومەلە بو، وە هەر لەویشدا پەیرەوى ناوخو بو کار پى کردنى لەمەولا دانرا و بریارى لەسەر درا.

**١- کومەلە :-**

**١- ناوى - کومەلەى رەنجدەرانى کوردستان - ە.**

**٢- کومەلە، ریکخراوى چینى کریکارى. کوردستانە، رەنجدەران و روشنبیرانى شورشگیریش لەژیر ئالاى خویدا کو ئەکاتەوە.**

**٣- کومەلە، ریکخراویکى مارکسى - لینینییە، بەپیى جیهان بینى مارکسیزم - لینینیزم دامەزراوە و کار ئەکات.**

**٢- ئەندامەتى کومەلە :-**

هەموو هاولاتییەکی کوردستان ـ ئافرەت و پیاو ـ ئەتوانی ببیتە ئەندامی کومەلە، پاش بەسەر بوردنی ماوەی پالاوتنی دیاری کراو، بەمەرجێک:

١ـ بەرنامە و پیرەوی ناوخوی کومەلە پەسند بکات.

٢ـ لە ریزەکانی کومەلەدا بە چالاکی خەبات بکات.

٣ـ لایەنی کەمی هوشیاری چینایەتی و نیشتمانیی هەبیت.

٤ـ ناو و ناوبانگی باش و دەس و دەم و داوین پاکێ بیت.

٥ـ بە پیی دەرامەتی خوی (بە مەرجیک لە مانگیکدا لە دەسکەوتی ٢ روژی کەمتر نەبیت) ئابونە بدات.

٦ـ تەمەنی لە (٢٠) سال کەمتر نەبیت.

٣ـ ئەرکەکانی ئەندامی کومەلە :ـ

١ـ بەو پەری لەخو بوردن و دلسوزییەوە سیاسەت و

هەواڵنامەی کتێب

بڕیارەکانی کومەلە جی بە جی بکات .
٢ـ بەرزەوەندی گەل بخاتە سەرو بەرزەوەندی کومەلە و بەرزەوەندی کومەلە بخاتە سەرو بەرزەوەندی خویەوە .
٣ـ هەولی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری سیاسی و تیوری خوی بدات .
٤ـ پەیوەندی لەگەل جەماوەر بەهیز بکات ، لە جەماوەرەوە فیر بیت و جەماوەر فیر بکات ، بەشداری چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانیان بیت و هەول بدات کاری جەماوەر بە هوی جەماوەرەوە ئەنجام بدات •
٥ ـ یەکیتیی ریزەکانی کومەلە بپاریزیت .
٦ـ نهینیەکانی کومەلە بپاریزیت .
٧ـ راستی لە کومەلە نەشاریتەوە ، نەترس و مەوزعی بیت لە

رەخنەکانی دا، دژی خویەرستی و سەلتایەتی و خوبەزل زانین بیت .

٨ـ بەبی رەزامەندی کومەلە هیچ جورە پەیوەندویەکێ لەگەل هیچ لایەنیکی تردا نەبەستیت .

**٤ـ مافەکانی ئەندامی کومەلە :ـ**

١ـ هەلبزاردن و خوهەلبزاردن بو هەمو ریکخراو و دەزگایەکی کومەلە بە گویرەی مەرجە پیویستیەکانی ئەندامەتی ئەو دەزگایە .

٢ـ پیشنیار و پرسیار و رەخنەگرتن لە هەمو مەسەلەیەکی سیاسی ، پیشەرگەیی ، ریکخراوەیی بەپیی سەرەتاکانی ناوەندیتی دیموکراتی .

٣ـ لە کاتی لی پرسینەوەدا مافی روبەرو بونەوە و بەرگری

هەوالنامەی کتێب

لەخو كردنی هەیە .
٤- لە پێویستی و تەنگانەدا یارمەتی خوی یا خیزانەكەی بدریت .

**م- وەرگرتن و پالاوتن لە كومەلەدا :-**

١- ئەو كەسانەی ئەیانەوی بینە ناو كومەلەوە - بە پێی ئاستی هوشیاریان - لە ئەلقەی روشنبیریدا ریكئەخرین .
٢- پاش بەسەر بردنی سەوكەوتوانەی ماوەی ئەلقەی روشنبیری، ماوەی پالاوتن دەس پی ئەكات كە ٦ مانگ تا ١ سال ئەخایەنی بە پێی پایەی چینایەتی ئەو كەسە .
٣- پاش بەسەر بردنی ماوەی پالاوتن و بە دەس هینانی مەرجەكانی ئەندامەتی ، ٢ ئەندامی كومەلە ئەبی پیشتیوانی لە داواكەی بكەن بو ئەوەی كومیتەی ریكخراو شەرەفی ئەندامەتی

بداتی .

٤ـ هەرکەسیکێ ئەندامی ریکخراویکی سیاسی تر بوبی و وازی هینابی ، تەنیا بە رەزامەندی ناوەندی کومەلە شەرەفی ئەندامەتی پی ئەدری .

## ٦ـ سزادان لە کومەلەدا :ـ

١ـ هەر ئەندامیکێ ئەرکەکانی ئەندامەتی بەجی نەهینا ، یان مەرجیکی ئەندامەتی لەدەستدا، یان زیانی بە کومەلە گەیاند، لە کومەلە دەر ئەکریت .

٢ـ هەر پیشمەرگەیەکێ تەسلیم بوەوە بە دوژمن ، شەرەفی ئەندامەتی کومەلە لەدەستئەدا . ئەگەر ویستی بگەریتەوە ریزی کومەلە ، ئەبی سەر لەنوی لە ئەلقەی روشنبیریەوە دەس پی بکاتەوە، پاش تیپەربونی ٢ سال بە رەزامەندی ناوەند

هەواڵنامەی کتێب

وەرئەگیریتەوە .

٣ـ سەرنج راکیشان ، دورخستنەوە ، لی خران جورەکانی تری سزادانن بوئەو ئەندامانەی لە بەجی هینانی ئەرکەکاندا کەم تەرخەمی ئەکەن ، یا سەرپیچی ئەکەن لە جی بەجی کردنی فەرمانەکان دا .

**٧ـ پرنسیپەکانی ریکخیستنی کومەلە :-**

١ـ ناوەندیتی دیموکراتی پرنسیپی بنچینەیی دارشتنی ریکخستن و کار کردنی ناوەوەی کومەلەیە .

٢ـ دەزگا سەرکردەییەکانی کومەلە بە ریگەی راویژی دیموکراتی و هەلبژاردنی ئازاد پیکئەهینرین .

٣ـ دوان لە بریار و هەلویست و فەرمانەکانی کومەلە ، بو دەربرینی بیروڕا و پرسیار و پیشنیار و رەخنە لە چوار

چیوەی ریکخستن دا ئازادە .

٤ـ بریارەکانی کومەلە بەبی مەرج و دودلی ئەبیت جی بە جی بکرین ، ئینجا رەخنەیان لی بگیری .

٥ـ دەزگاکانی خوارو ملکەچی دەزگاکانی سەروتر و سەرانسەری ریکخستن ملکەچی سەرکردایەتی وکەمایەتی ملکەچی زورایەتیە .

٦ـ بریارەکان بەکومەل ئەدرین و لی پرسراویتی و جی بەجی کردنیان بەتاکە ئەسپیردری .

٧ـ ریزەکانی کومەلە لەسەر بنچینەی یەکیتی بیرو کار و ئامانج ئەپاریزری .

٨ـ بینای ریکخراوەیی کومەلە :ـ

شیوەی سەرەکی بینای ریکخراوەیی کومەلە هەرەمیە لە خوارەوە بو سەرەوە، بەم جورە :

١ـ شانە :

آ ـ یەکەیەکی پنچینەییە، بنکەی جەماوەری و.رەگی کومەلەیە لەنا و کومەلانی خەلکدا .

ب ـ شانە لە ٣ـ ٥ ئەندام پیکدیت .

٢ـ پول :

آ ـ پول ئەرکی بەیەگەوە بەستنی چەند شانەیەکو و ئاراستە کردنیانی لە ئەستودایە .

ب ـ پول لە ٣ ـ ٥ لی پرسراوی شانەکان پیکدیت .

٣ـ کەرت :

آ ـ کەرت لە لی پرسراوەکانی پولەکانی ناوچەیەکی دیاری کراو پیکدیت .

ب ـ کەرت ئەرکی بەریوە بردن و رابەرایەتی ریکخستنی

له ئەستودایە لەو سنورەدا کە ریکخراو بوی دیاری کردوە .

ج ـ کەرت دەسەلاتی وەرگرتنی پالیوراوی ئەندامەتی هەیە .

٤ـ ریکخراو :

آـ ریکخراو پیکدیت لەسەرجەم ریکخستنی کومەلە و کەرت و پولەکانی لە شاریک یان لە ناوچەیەکی دیاری کراو.

ب ـ ریکخراو بەرپرسیارە لە بەریوەبردن و هان دان و ئاراستە کردنی ریکخستنی کومەلە و کەرتەکانی و لە سەرکردایەتی کردنی جەماوەری ئەو شارە و ناوچەکەی.

ج ـ ریکخراو دەسەلاتی وەرگرتن و دەرکردنی ئەندام و جورەکانی تری سزادانی هەیە .

هەواڵنامەی کتیب

د ـ ریکخراو دەسەلاتی دەرکردنی بەیاننامە دەربارەی
رودا وە ناوچەییەکانی سنوری چالاکی خوی و پوستەری
ها ن دانی هەیە .

٥ـ کومیتەی رابەرایەتی ریکخراوەکانی ناوخو (کع ر) :

آـ (کع ر) بەرزترین دەزگای کومەلەیە لەناو شارەکان دا
بو پیکەوە بەستن و رابەرایەتی سەرجەم ریکخراو و کەرت
و دەزگا جورەوجورەکانی کومەلە لەناو شارەکان دا .

ب ـ (کع ر) پیکدیت لە لی پرسراوانی ریکخراوەکانی شارە
گرنگەکان و ژمارەیان لە ٧ ئەندام تی ناپەریت .

ج ـ (کع ر) راستەوخو بەستراوە بە ناوەندی کومەلەوە ،
وە لەلایەن ئەوەوە ئاموژگاری و رینوینی ئەکرین .

د ـ (کع ر) بوی هەیە بە رەزامەندی ناوەندی کومەلە

ریکخراو و کەرتی نوی پیکئ بهینی وە لە پال شیوەی هەرەمیدا. شیوەکانی تریش لە ریکخستندا بەکاربهینی.

هـ ـ (کغ ر) دەسەلاتی دەرکردنی بەیان و بلاوکراوە و پوستەر لە سەر روداوی شارەکان و دەس پیشکەری لە رابەری کردنی خەباتی روژانەی جەماوەری شارەکانی هەیە .

**٦ ـ کومیتەی سەرکردایەتی :**

آ ـ ( کع س ) بەرزترین دەسەلاتە لە کومەلەدا لە ماوەی نیوان ٢ کونفرەنس دا، وە بەرپرسیارە لە جی بەجی کردنی بریارەکانی کونفرەنس و لە هەمو چالاکییە سیاسی، تیوری، ریکخراوەیی و پیشمەرگەیییەکانی کومەلە و گەشەپیدانیان.

ب ـ ( کع س ) لە کونفرەنس دا هەلئەبژیردریت، لە ٩ ئەندامی ئەصلی پیکئەدیت و ٢ ئەندامی جیگری ئەبیت .

ج - ( کێ س ) بەلای کەمەوە ساڵی ٤ جار کوبونەوەی ئاسایی ئەکا ، بوی هەیە ئەندامانی جیگیر بەشدار بکات بی ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبیت .

د - ( کێ س ) لە یەکەمین کوبونەوەی ئاسایی خوی‌دا سکرتیر و ٢ ئەندام هەلئەبژیری بو پیکهینانی ناوەندی کومەلە .

٧- ( ناوەند )ی کومەلە :

هەمو دەسەلاتەکانی کومیتەی سەرکردایەتی هەیە لە مازەی نیوان دووکوبونەوەدا ، وە بەرپرسیارە لە جی بەجی کردنی بریارەکانی(کێس) و راپەراندنی هەمو کاروبارەکانی کومەلە و رابەرایەتی خەباتی کومەلە بە گشتی

٨- سكرتير :

آ- سكرتير لیپرسراوی یەکەمی کومیتەی سەرکردایەتی‌یە و بەهاوکاری کەس بەرپرسیارە لە بەریوەبردنی کاروباری کومەلە .

ب- سكرتير ئەبیت ئاگاداری هەمو کاروباریکی سیاسی و تیوری و ریکخراوەیی و پیشمەرگەیی و چالاکی‌یەکانی تری کومەلە بیت .

ج- نامەنوسین و ئاموژگاریەکانی ناوەند ئەئەمزای ئەو یان هی یاریدەدەرەکەیەوە ئەبیت .

د- سکرتیر ئەبیت راپورتی گشتی دەربارەی باری گشتی کومەلە پیشکەش بە کونفرەنس بکات .

ه- بوی هەیە سەرنجی ئەندامانی کەس رابکیشیت بو هەلە

هەولێرنامەی کتێب

و کەم و کورییەکانیان .

**٩- پلینومی کومەلە :**

١- پلینوم کوبونەوەیەکی فراوانە ئەگیریت بو هەلسەنگاندنی هیش و کاری کومیتەی سەرکردایەتی ، یا دارشتنی تاکتیکی نوی، یاگورین و پرکردنەوەی سییەکی ( $\frac{1}{3}$ ) ئەندامانی کومیتەی سەرکردایەتی، یا دیاری کردنی کاتی بەستنی کونگرەمس .

٢- پلینوم پیکدیت لە ئەندامانی کومیتەی سەرکردایەتی و جیگرەکانی و نوینەرانی ریکخراوەکان وکادیرە پیشکەوتوەکانی دەزگا سەرکردەییەکانی .

٣- پلینوم سالی جاریک یان لە کاتی پیویستدا لەسەر داوای زورىەی ئەندامانی کومیتەی سەرکردایەتی یا داوای زوربەی ریکخراوەکانی کومەلە ئەگیریت .

١٠- کونفرەنسی کومەلە :

١- کونفرەنس بەرزترین دەسەلاتە لە کومەلەدا . بەرنامەی کومەلە و پیرەوی ناوخو دەسکاری ئەکات و ئەیگوریت ، چارەنوسی کومەلە دیاری ئەکات . لە ئیش و کاری کومیتەی سەرکردایەتی و دەزگاکانی تری کومەلە ئەپشکنیتەوە و بریاریان لەسەر ئەدات . کومیتەی سەرکردایەتی هەلئەبژیریتەوە ، شکاتە و سکالا و داوا و رەخنە و پیشنیاری ئەندامان ئەپرسێ .

٢- کونفرەنس پیکدیت لە ئەندامانی کومیتەی سەرکردایەتی و جیگرەکانی و کادیرە پیشکەوتووەکانی و نوینەرانی هەمو ئەندامان ، کە بو ئەم مەبەستە هەلئەبژیردرین .

٣- کونفرەنس لە هەلومەرجی گونجاودا بە ٢ سال جاریک ولە کاتی پیویستدا لەسەر بریاری پلینوم ، یان لەسەر داوای

٢ سێیەکی ( ٢/٣ ) ئەندامانی کومیتەی سەرکردایەتی ، یان لەسەر داوای زوربەی ئەندامانی کومەلە ئەبەستریت .

١١ــ **دارایی کومەلە** : پیکدیت لە ئابوەی ئەندامان و یارمەتی دوستان و پیتاک و داهاتی چاپەمەنیەکان و ئەو دەسکەوتانەی لە دوژمن بەدەست ئەهینرین .

لەلایەن

یەکەمین کونفرەنسەوە

پەسەند کراوە

ئایاری ١٩٨١